# تورك چی له‌ كورد ده‌وێ؟!

مه‌هاباد كوردی

ده‌ستێوه‌ردانی تورک له‌ کاروباری کوردان شتێ نییه‌که‌ تازه‌ بێ. تورکه‌کان به‌ درێژایی مێژووی هه‌بوونیان له‌ ناوچه‌که‌، هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای هاتنیان بۆ خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و داگیرکردنی خاکی گه‌لانی تر، تاکه‌ کارێ که‌ تا هه‌نووکه‌ ئه‌نجامیان دابێ ناکۆکینانه‌وه‌ بووه‌ ده‌نێو میلله‌تانی جودا له‌ خۆیان و دوا جاریش زاڵبوون به‌سه‌ریاندا. ئه‌وان که‌ وه‌ک که‌سانێکی زه‌وتکه‌ر و تاڵانکه‌ر هاتوون، ژیانیان به‌ شێوه‌یه‌کی مشه‌خۆر له‌سه‌ر حیسابی نه‌ته‌وه‌ ڕه‌سه‌نه‌کانی دیکه‌ی ده‌ڤه‌ره‌که‌ به‌سه‌ر بردووه‌ و، دیاره‌ ئه‌گه‌ر واشیان نه‌کردبا نه‌ ده‌بوون به‌ خاوه‌نی ئیمپراتۆریای عوسمانی و نه‌ ده‌شبوون به‌ میراتگری ئه‌وان و هێزێکی ده‌ستدرێژکه‌ر و سه‌رده‌ست ده‌و هه‌رێمه‌دا.

کورد ئه‌گه‌ر دیرۆکێکی هاوبه‌شی ده‌گه‌ڵ تورکاندا هه‌بێ، ته‌نیا و ته‌نیا جۆرێکه‌ له‌ په‌یوه‌ندی نێوان ده‌سه‌ڵاتدار و بێ ده‌سه‌ڵات، چه‌وسێنه‌ر و چه‌وساوه‌، هه‌ڵخه‌ڵه‌تێنه‌ر و هه‌ڵخه‌ڵه‌تاو، دڵڕه‌ش و دڵپاک، ئاغا و کۆیله‌، . . . تاد.

تورکه‌ که‌مالیست و زۆر له‌ خۆ ڕازییه‌کان، ئێستاشی له‌گه‌ڵدا بێ، خه‌ون به‌و ئیمپراتۆریا زه‌به‌لاحه‌وه‌ ده‌بینن که‌ له‌ ئاخر و ئۆخری ته‌مه‌نیدا به‌ پیاوه‌ نه‌خۆشه‌که‌ی ئه‌ورووپا ناوبانگی ده‌رکردبوو. ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ عوسمانییه‌ی که‌ له‌ شه‌ڕ و کاولکاری و مه‌رگ و برسێتی زیاتر، شتێکی دیکه‌ی پێ نه‌بوو، تا به‌ خه‌ڵات به‌و میلله‌تانه‌ی ببه‌خشێ که‌ به‌ زه‌بری هێز ده‌یخستنه‌ ژێر ڕکێفی خۆیه‌وه‌. تورک ڕوویان له‌ هه‌ر شوێنێ کردبێ، له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی ئاوه‌دانی بکه‌نه‌وه‌، وه‌ستایانه‌ کاولیان کردووه‌. خۆ ئه‌گه‌ر کارێکی باشیان کردبا، نه‌ته‌وه‌گه‌لێک که‌ له‌ژێر ده‌ستیان بوون، ئاماده‌ نه‌ده‌بوون تا ئه‌و ڕاده‌یه‌ی ده‌ریایه‌ک خوێنیش بکه‌ن به‌ قوربانی، هه‌ر بۆ ئه‌وه‌ی له‌ ده‌ستیان ڕزگاریان بێ.

خه‌سڵه‌تێکی دیکه‌ی به‌رچاوی تورکان ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌وان، وێڕای جیاوازیی بیر و بۆچوونیشیان، به‌ڵام له‌ کۆتاییدا هه‌میشه‌ ده‌ماری ڕه‌گه‌زپه‌رستی و نه‌ته‌وه‌په‌رستی کوێرانه‌یان خوێنی پیسی تێده‌زێ و، که‌سانێکی جودا له‌ خۆیان به‌ به‌نده‌ و هیچ و پووچ و هه‌زار شتی خراپی تریش له‌ قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن. له‌ تورکیا ئیسلامییه‌کان یا ڕاستڕه‌وه‌کان، سۆسیال دیموکراته‌کان یان (CHP) ی ئه‌جه‌ویت، بگره‌ هه‌ر پارتێکی دیکه‌ش که‌ هاتبنه‌ سه‌ر حوکم، کاری یه‌که‌میان دژایه‌تیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گه‌لی کوردستان بووه‌. دیاره‌ دوژمنایه‌تیکردنی ئه‌وان نه‌ک هه‌ر کوردی ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆیانی گرتۆته‌وه‌ و به‌س، بگره‌ تورک له‌ هه‌مبه‌ر هه‌ر شتێکه‌ که‌ له‌ دوور و نزیکه‌وه‌ په‌یوه‌ندی به‌ کورد و کوردستانه‌وه‌ هه‌بێ. ده‌وڵه‌تی که‌مالیست و هۆڤی تورکان هه‌میشه‌ ویستوویه‌تی له‌ به‌رامبه‌ر کوردان و پرسی ڕه‌وای کوردستاندا، له‌ چاو ده‌وڵه‌ته‌ داگیرکه‌ره‌کانی تری کوردستان، به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ک دیارتر و سه‌رده‌ستتر و چاوسۆرتر خۆ نیشان بدات. تورک ده‌یه‌وێ، بێگومان ئه‌گه‌ر له‌ ده‌ستی بێ، ئه‌وا خۆی به‌ سه‌رداری هه‌موو دنیا بزانێ و، خۆشیان گۆته‌نی: تورکێک ته‌واوی دنیا دێنێ! تورکه‌ داگیرکه‌ره‌کانی زێد و واری کوردان ده‌خوازن ڕۆڵی براگه‌وره‌ بگێڕن، ببن به‌ برای گه‌وره‌ و سه‌رپه‌رشتکاری گشت نه‌ته‌وه‌ سه‌رده‌سته‌کانی ناوچه‌که‌، به‌ تایبه‌تیش ئه‌وانه‌ی که‌ ئه‌مڕۆ کورد و کوردستان له‌بن پێیاندا ده‌ناڵێنن.

له‌ هه‌مان کاتدا تورک و ڕژێمه‌ بۆگه‌نه‌که‌یان له‌ لاساریدا پله‌ی یه‌که‌میان به‌ر ده‌که‌وێ. تورکیایه‌ک که‌ له‌ نووکی پێیه‌وه‌ تا تۆقی سه‌ری نوقمی چه‌ندین گرفت و کێشه‌ی ئابووری و ڕامیاری و کۆمه‌ڵایه‌تی هاتووه‌، لێ دیسانیش له‌ هه‌وڵی مه‌زنخواهی و ده‌ستدرێژیکردنه‌ سه‌ر ئه‌م و ئه‌و و ده‌ستێوه‌ردان له‌ کاروباری وڵاتانی تر دایه‌. به‌ کورتییه‌که‌ی ده‌توانین بڵێین: هه‌ر له‌و ڕۆژه‌ی تورک به‌سه‌ر پێ که‌وتووه‌، حه‌زی له‌ گێچه‌ڵکردن به‌م و به‌و و زه‌وتکردنی خاکی خه‌ڵکانی دیکه‌ بووه‌. هیچ گومانیش له‌وه‌دا نییه‌ تورکه‌کان شانازی به‌م کاره‌یان ده‌که‌ن و تا ئه‌وپه‌ڕی لووتبه‌رزیش

پێیەوە دەنازن. ئەگەر بە ئارەزووی ئەوان با ئەستەمبووڵ دەبوو بە قیبلەی هەموو دنیا. هەر کەسێ کە بۆ تەنیا جارێکیش ڕێی کەوتبێتە تورکیا دەزانێ من چ دەڵێم.

تورک کە نایانەوێ چ ترووسکە ئازادی و هاتنەدی هیوایەکی کورد ببینن، ئاساییە ئەگەر چاویان بە ڕەوشی ئەوڕۆی باشووری کوردستان هەڵنەیێ و، هەموو کارێکیش ئەنجام بدەن تا خەون و هێڤی و ئامانجەکانی کوردان تەفروتونا بکەن. دیارە کوردیش وەک نەتەوەیەکی بندەست نابێ لەمە زیاتر چاوەڕێی شتێکی دیکە لە تورکان بکات.

تورکیای داگیرکەری کوردستان بە دەیان بیانووی بێ مانا و بێ بناخە دێنێتەوە، گوایا هەر لەبەر خودی ئەم هۆکار و فاکتەرانەشە، ئەوان دەیانەوێ بچنە ناو خاکی باشووری کوردستان. هەر تەنیا بۆ نموونە لەم چەند وتەیەی ڕەجەب (نا) تەییب ئەدرۆغان بڕوانن، کە لە ئێوارەی ٢٤/٢٥-٣-٢٠٠٣ لە تەلەفزیۆنی تورکاندا درکاندنی: هێزە چەکدارە پاڵەوانەکانی تورک، کەهەمیشە لە هەر دەم و شوێنێکدا دابینکەری ئاشتی بوونە، وا بۆ جارێکی تر دەستی خۆیان بۆ کەسانێک درێژ دەکەن کە پێویستیان بەیارمەتییە. ئەو کەسانەی کە ڕەجەبی تەڵەکەبازیش ناویان نابات، هەر هەمان ئەو کەسانەن کە بۆ ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا، لەسەر شەقام و کووچە و کۆڵانەکانی شارەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش لە هەمبەر دەستێوەردانی تورک لە کاروباری ناوخۆی کوردستان، دەنگی ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی و دەشیانگوت: نا بۆ تورک، نا بۆ لەشکرکێشیی تورکان، مەیەن ئێمە پێویستمان پێتان نییە !!! خۆ ئەگەر لە قسە و باسەکانی سەرانی دیکەی، بە دەردی کرمانجان گۆتەنی (ترکۆ) ، ورد ببینەوە، شتی لەمە سەیرتریشمان بەر چاو دەکەوێ. سەرکردە تورکە سەربازی و ناسەربازییەکان، بە گوێرەی ڕەوش و دەم و پێشهاتەکان، قسان بە با دەدەن. ئەوان بە کارێکی وەهایان لە هەوڵێکی بێهوودە دان و دەشیانەوێ دنیا تاقیبکەنەوە. لێ دیسانیش وێڕای هەموو ئەگەر و پێشهاتێک، سوپای تورک کە بێگومان دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵاتی بەدەستە و قسەشی دەڕوات، هێشتا لە خەونی دەستبەسەراگرتنی باشووری کوردستان بێداری نەبۆتەوە و واش پێناچێ بەم زووانە وەها کارێک ئەنجام بدات. هەر لەبەر هەندێ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوڕۆی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان، نابێ لە ڕاددەبەدەر وتەکانی (حیلمی پاشا) ی سەرلەشکری تورکان بە سنگفراوانییەوە وەربگرن و پێشیان دڵخۆش بن. ڕاستە ئێستا لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا نییە ، مل بۆ داخوازییە نابەجێکانی تورکان بدات، بەڵام کەس نازانێ سبەینێ چ دێتە پێشەوە؟

بە بۆچوونی من چاوتێبڕینی تورک لە باشووری کوردستان، تەنیا بۆ مەسەلەی شارەکانی کەرکووک و مووسڵ و هەبوونی نەوت لەو دەڤەرەدا ناگەڕێتەوە، بەڵکو تورکیش وەک هەر میللەتێکی سەردەست و داگیرکەری کوردستان چاوی بەرایی نادات کە کوردی بندەست کەمێ لە ئاوات و ئارمانجەکانی خۆی بەدیبێنێت. تورکە ڕەگەزپەرستەکان دژی هەر خواستێکی ڕەوای کوردانن. جا با ئەو داوا ڕەوایانەی کوردان لە شوێنگەلێکی وەک بەرازیل و ئەرجەنتین و دوورترین گۆشەی دنیاش بن. سەرانی تورک بە دزی و بە ئاشکرا مەرام و مەبەستەکانی خۆیان باس کردووە و دەکەن.

نەتەوەی چەوسێنەری تورک و دەوڵەتە ڕەشەکەیان خەم لەوە دەخۆن نەبادا کورد، دوای نەمانی سەددامی خوێنڕێژ و جەللادی کورد و فیرعەونی سەردەم، شتێ بە دەست بخەن بۆنی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی لێ بێت. هەر وەک خۆشیان دەڵێن سەرگرتنی وەها کارێک لە بەرژەوەندی واندا نابێت و کاریگەریشی دەبێت بۆ کوردگەلی باکووری کوردستان. ئەمە و لە کاتێکدا کە پێشسوارانی کورد بە ڕۆژی نیوەڕۆ و لەبەر چاوی هەموو دنیاش، ڕۆژانە سوێند دەخۆن، کورد بیر لە شتێکی ئەوتۆ ناکاتەوە کە پەیوەندی بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییەوە هەبێ. دیارە ئەم سوێندخواردنەی سەرانی کورد نە بە دڵی تورکانە و نە دەرمانی چارەسەری برینەکانیشیانە . تۆ بڵێی ئەم لاساری و چاوسۆرکردنەوەی تورکان هەتا سەر بە کەڵکیان بێت؟ دیارە سەرەتاکانی وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە هەر

له ئێستاوه وه‌دیار ده‌که‌ون و، ئه‌وروپا و ئه‌مریکاش به شێوازی جودا جودا، ده‌ستێوه‌ردانی تورکیان له باشووری کوردستان ڕه‌ت کردۆته‌وه. هه‌ر لێره‌دا دیسان پێ له‌سه‌ر ئه‌وه داده‌گرم: هه‌ڵوێستی ئه‌مریکا یا ئه‌وروپا یاخود هه‌ر لایه‌نێکی دیکه شتێ نییه که گۆڕانی به‌سه‌ردا نه‌یه‌ت. له گه‌مه‌ی سیاسه‌ت و ڕاکردن به دوای به‌رژه‌وه‌ندییه‌کاندا شته پیرۆزه‌کان له ئارادا نامێنن و جێ بۆ پۆخڵه‌وات و گه‌نده‌ڵییه‌کان چۆل ده‌که‌ن.

کورد له‌م ململانێی به‌رژه‌وه‌ندییانه‌دا ته‌نێ به یه‌کگرتوویی ڕیزه‌کانی و موکڕبوون له‌سه‌ر داوا ڕه‌وا نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی خۆی، ده‌کرێ له‌سه‌ر پێی خۆی بوه‌ستێ و، ڕۆڵێکی کاریگه‌ریش له‌و بواره‌دا بگێڕێ. دیاره ناشبێ به هیچ شێوه‌یه‌ک کورد ڕۆڵه‌ی مێرخاس و عه‌گیدی خۆی به قوربانی شتگه‌لێک بکات، که له دوور و نزیکه‌وه چ په‌یوه‌ندییه‌کیان پێیه‌وه نه‌بێ.

سه‌رانی تورک، له‌نێو سوپا و حکوومه‌ت و له‌سه‌ر ئاستی دیپلۆماسیش، به گه‌لێ شێوه‌ی جیا جیا هه‌وڵ ده‌ده‌ن، بابه‌تی ده‌ستێوه‌ردانه‌کانی خۆیان له باشووری کوردستان، بکه‌ن به (ئه‌مری واقیع) و ڕای دانیشتوانی تورکیا و کورد و دنیاشی پێ تاقیبکه‌نه‌وه. کورد ئه‌گه‌ر زیره‌ک و وریا و یه‌کگرتوو نه‌بێ، ڕه‌نگه له گه‌مه‌یه‌کی وه‌هادا ئاسان نه‌بێ بیباته‌وه. وه‌ک ده‌بینین دوای لێدانی ڕژێمی عێراق ڕووداوه‌کان به خێرایی وه‌به‌ر دیده‌ی کورد گوزه‌ر ده‌که‌ن و، کوردیش که له چه‌قی ڕووداوه‌کان هه‌ڵکه‌وتووه، ئه‌گه‌ر خاوه‌نی بڕیاری سه‌ربه‌خۆی خۆی نه‌بێ، ئه‌وا هه‌تا بن پیلانی تێده‌چه‌قێت. خوایه ئه‌و ڕۆژه‌مان پێ نیشان نه‌ده‌ی!

کورد مافی ته‌واوی خۆیه‌تی له هه‌ر جموجۆڵێکی ده‌وروبه‌ریدا به گومان بێ. ئه‌م به‌گومانیبوونه‌ی کورد کارێکی تا بڵێی له‌جێی خۆیه‌تی، چونکه به درێژایی مێژوو هه‌ر کورده و بووه‌ته به‌رده‌بازی په‌ڕینه‌وه بۆ ئارامی، که‌چی له کۆتاییشدا ده‌ستی خێری بۆ درێژ نه‌کراوه و ده‌نێو گێژاوی ته‌نگوچه‌ڵه‌مه و ده‌رده‌سه‌رییه‌کاندا وه‌جێ هێڵراوه.

دیاره ئه‌گه‌ر له ڕۆژێکی وه‌ک ئه‌مڕۆدا کورد نه‌کارێ له به‌رده‌م هه‌ڕه‌شه‌کانی تورک یه‌ک بڕیار و یه‌ک هه‌ڵوێست بێ، سانا نییه دوای له ده‌ستدانی هه‌ل و ده‌رفه‌ت، بتوانێ هه‌ڵه و چه‌وتییه‌کانی خۆی ڕاست بکاته‌وه. ئه‌وڕۆ کورد له به‌رده‌م دووڕیانێکی دیرۆکی و چاره‌نووسسازدا ڕێ ده‌کات. هه‌ڵبژاردنی هه‌ر ڕێگایه‌کی شاش زیانێکی گه‌وره‌ی بۆ ئێستا و داهاتووی کوردیش لێ ده‌که‌وێته‌وه. هه‌ر له‌به‌ر هه‌ندێ زۆر پێویسته سه‌رانی کورد بیر له‌م خاڵه گرنگه بکه‌نه‌وه و به هه‌ندیشی هه‌ڵبگرن. خۆ ئه‌گه‌ر کارێکی وه‌ها نه‌که‌ن، نه کورد و نه مێژووش لێیان خۆش نابێ.

تێبینی: ئەم وتارە لە ٣٠-٣-٢٠٠٣ نووسراوە و هێشتا لە چ شوێنێکی دیکە بڵاو نەکراوەتەوە.

mehabadk@hotmail. com